نەزاد عەزیز سورمێ

# ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە

| |
|---|
| • نەژاد عزیز سورمێ |
| • ئەوەی لەدواخوانی برایاندا نەگوترابوو |
| • شیعر |
| • وێنەی بەرگ و کۆلاژەکانی ناوەوە: شاعیر خۆی |
| • خەتی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە |
| • دەرهێنان و دیزاینی بەرگ : کاروان محەمەد سینۆ |
| • تایپ: ڕانیار وسانی |
| • چاپی یەکەم 2015 |
| • نرخ: ( 3000 دینار ) |
| • چاپخانە: خانی - دهۆک |
| • لەبەرێوەبەرایەتیگشتییکتێبخانەکانژمارەیسپاردنی(620)یساڵی (2015) پێدراوە |
| |

زنجیرەی کتێب ( 954 )

ماڵپەڕ : WWW.mukiryani.com
ئیمەیل: info.mukiryani.com


---

- ڕیزبەندی و پاش و پێشکردنی دەقەکان بەپێی مێژووی نووسینیان پەیوەندی بە دەرهێنانی هونەرییەوەیە.

نەژاد عەزیز سورمێ

# ئەوەی لە دوا خوانی برایاندا نەگوترا بوو

چاپی یەکەم 2015



پەراوێزێک بۆ نیشاپور

# پەراوێزێک بۆ نیشاپور

پێم سەیرەبەرەو کانییەکەی تۆ دێم
تینووشم نییە...
ئۆشۆ

(1)
ئەو جوانییە مەگەر لە بەهەشت
یا لە گڕی شەرابدا ببینی.

منداڵیی چیایان
نگینه به شەوقەکانی باران
خەمی بێ سەرچاوە .. نادیار
لە خەون زیاتری پێ نەبەخشین

خەون و خەون و خەون
پەنجەی پێ لە قژ ناین
سەیری بەسەرهاتی مرواریییان بکەین..

هەموو شتەکان
لە دەوری چرای تۆدا کۆ دەبنەوە
سوپاس بۆ مەداری یەکتاییت
سوپاس بۆ کولتووری ئاوەدان.

(2)

کۆڵانە بە ترسەکان،
خەوی لە چاو زڕاندین ..

من ئەوم ئەو من

له سەرابی بیاباندا،
گوێم له ترپەی پێی هەوره
له سەدای ئەو ڕەنگانەیه
مەرگی دواخراو سیمای پێوه نەهێشتوون .

پۆلیسەکانی ڕێی زمان ،
لە ڕووباری هەستدا مەلە دەکەن ..
نوختە
فاریزە
نیشانەی پرسیار
کەوانە
تەقەڵ
نیشانەی سەرسوڕمان
نەمبینی ڕۆژێ یەکێکیان
لە ڕاست دارستانی چڕی نهێنی دا بخنکێ.

(3)

کۆڵانەکان بنبەستن ئەی دڵ !
نەژاد جەژنیەتی
جەژنیەتی نەژاد ...

سوپاس بۆ تۆ !
بۆ چاوەکانت ،
بۆ ترس ،
بۆ ئۆقیانووسی حەقیقەت
کانگەی دوڕ و هاوڕێی دڵئاوای ڕۆح .

(4)

تازە سێوی ناسیبوو
نیشاپور بەردی سیزیفی لە کۆڵ نا..

بواره
با ئیتر گوڵەکانی خەڵوەتگا بگەشێنەوە ..
سوپای سپیپۆش بێتەوە مەیدان..

(5)


کاژی دڵ دەروێشی شێت کردوون .
پەیکانی جوانی ئاودەنگی ڕێگایە .

(6)

چاومان بەشی جیهانبینیمان ناکا.

وەرە پەروانە باڵ ماندووەکانی پەرستگا
بفڕێنە ..
ئاگرت بکەوە !
حاڵیم کە من چیم ؟
فرمێسکی شکانەوە !
(سندووقی ڕەش)ی باوبۆران!

ئابی 2011



## هەندێ وردە تێبینی

## هەندێ وردە تێبینی

(1)

لەم مەقامەدا
کە زرنگانەوەی برینەکانمان ،
مێژوو بێدار دەکاتەوە..
چ شەرابێك بنۆشین ؟

لەم شەوە تاریك و نوتەكەدا ،
كام ئەستێرە بكەین بە میوان ؟

له شەقامە قەدیفەییەکاندا
له سایەی بەفرکوشی عەدالەتدا،
زایەڵەی سووتان گوێ دادەخا..
گڕی هاوار خەریکە چاومان کوێر دەکا..

(2)

نەوام دی تارای بای وادەی پۆشیبوو.
ومرزم دیتن بە هەناسەی تۆ دەگۆڕان.
تارا نەبوو بابانوێران
نهێنی خوناوی ئێش بوو..

هەناسە نەبوو
شنەی قژی فریشتان بوو.
بە دەوری جوانی تۆدا،
نیگەران ،
بێدەنگ
لوتکەیان دەگرتن..
جوێباریان لێ دەدان.

(3)

تۆ دەوای ڕۆحی ماندوومی
سنووری تەم!
کەوشەنی کۆرپەی مرازان!
تەجەللای نەرم و ئاوازی
پیری موغانی نیازان!
تۆ دەوای ڕۆحی ماندوومی..

(4)

عاشق لە ژێر خاکیشدا غافڵ نییە، بینایی!
ئەوە باخچەی ژیانە ،
گوڵی لێ دەکڕێ و دەفرۆشرێ..

ئەوە باخچەی ژیانە
ئاتمۆسفیری گومڕایی تێدا دەگەڕێ.

(5)

له وچانێكی كورتدا
دڵم به مەوسیمی گوڵان سپارد ..
لەگەڵ هەمووان بەخشندە..
بێبەختی دەرچوو
داوی بێبەختیی نامەردان.

(6)

باڵانسی باران و سرووشتیان تێکداوە ،
هەرگیز بەتەنیا مەڕۆ !
هەمیشە با ئاوەنگێکت لەگەڵدا بێ .

هەرگیز بەتەنیا وەرێ مەکەوە !
سرووشت و باران باڵانسیان نەماوە..

(7)

مەرگ لە حەقیقەتی بێ سنوورەوە دێ .

ڕۆژانی خەمباری دەبێ بڕۆن .

کام و ناکام لە نەخشەی تەمەندا چی دەگەیێنێ؟
ئاوێنەی پێخوست، ئاشنای تەنیا باڵ !
مەرگ لە حەقیقەتی بێ سنوورەوە دێ...

(8)

پاساری گەڕانەوە هێلانەکانیان
سەفەرێکی خۆش نەبوو
ئاسمان ڕەنگی تاریکی پۆشیبوو
ڕۆژ ئێوارەی تێدا نەمابوو ..

وشکەڕۆ ..
وشکەداوەت، وشکە سەما ..
سەعاتی سفریان دانابوو!!

(9)

پیتەکان بایکۆتی وشەیان کردبوو .
وشە بایکۆتی ڕستە
ڕستە بایکۆتی پەرەگراف و
پەرەگراف بایکۆتی قەسیدە..
زنجیرێك هەموویان ڕادەکیشێ
بەرەو کوێ؟ کەس نازانێ ..

نە بایکۆتکردن کژی هەبوو، نەزنجیر...

(10)

ئەوەی نەیتوانی لە زەمەنی سەحەر هەڵبێ .
ئەوەی کات یاوەری نەبوو کەنارێك بۆ ژیان دانێ ..
ئەوەی بواریان نەدا تامی عەشق و باران بکا...
ئەوەی، ئەوەی دڵی من!
بێدەنگییان پێ پۆشی
ئەوەی فێریان کرد هەرگیز
تا هەتایێ خەو نەبینێ
ئەوەی :
............................
............................

(11)

باران مێژووییەکی لەگەڵماندا هەبوو

ئێمە مێژووییەك..

نووری جوانیمان
له نمەی شەیدای ئەودا بۆ دەردەكەوت ..
گڕمان بە ڕێژنەی بەخوڕی
له ڕۆحــی خــاڵی هەڵدەستا...

ئای کە چەند ڕاز و نهێنی پێ دەگوتین .
چەند شەوان خەونی خۆشی پێ دەدیتین..

ئێستا باران
ئەویشمان لێ زیز بووە
لە لێوپەڕینی ئاسمانان دەچێ،
بەسەر وڵاتی وشکەڵانمان دا ...

ئای باران، ئازیزی نەژاد !
کەی شکۆی جارانت دەگەڕێتەوە؟

ئای باران
گۆرانی حەوانەوەی خاك
خۆشەویستی مێرگ و شكارتە و بەندەنان...

ئەیلوولی 2011





دوا هەواڵی ئەستێرە تەنیاکە

# دوا هەواڵی ئەستێرە تەنیاکە

(1)
بێدەنگی سەرچاوەی هەموو زمانانە.
درەخت بۆنی خاکیان پێوە نەماوە.
تاریکی هەرمێنی کەوتۆتە سەر..

کێڵگەی نێرگز
ئایندەی ماسییان،
کە نەمانهێشت
لە ڕووباری جەستەدا پیربن

سێبەری ڕۆژگاری ڕەنگبزڕکاو.. دەنگ کەوتوو
ئێواران دەیبینی
لە شۆستە لازوەردییەکانی کێوییایەتیدا ،
وەك شێت دێ و دەچێ...

(2)

ئەوە چییە شانی خۆت داوەتەبەر
پەی بەنهێنی دەباو
لەبەر بای وادە وەنەوز..؟

ئەستێرەی سپێدە مەست.
باران مەست.
پەلکەگیا مەست.
شەڕە بێهوودەکان مەست.
فریشتەو جنۆکە مەست.
مێژوو مەست...

(3)

دەفری نەزر
دەرکەوت بۆشاییەکی خۆڵەمێشییە
لەپەرستگا بەشەوقەکانی سۆمەر ،
کاهینە تێکسمڕاوەکان لەبەر (نینئەننا)ی دەکەن

دەفری نەزر
لە نیوەڕۆیەکی نائاساییدا ،
بەچاودێری تەکنەلۆژیای سەردەم
لەناوەڕاستی پایتەختی گومان ،
لە پرۆسەیەکی ڕوناهیبەخشدا دزرا ..

ئینجا فەلسەفە چییە؟!
ئاكارو مەنتیق ،
جڤات وبەرهەمهێنی و پەندگۆیی چین؟!
لە سێوێكی ڕزیوی باوەڕێن زیاتر...!

(4)

لەو دیو قوببەی مینابەندەوە دەڕوانم:
خەریکین کۆتایی بەخۆمان ،
بەخەمە شەونملێدراوەکانمان ،
بەدوا سەرەتامان بێنین..

خەریکین بەناو تارمایی شەودا دەگەڕێینەوە...

ئەوەی باسی شووشەی درزبردووی کرد،
ئەوەی  دەنگوباسی گورگی
لەشەوگەڕدا هێنایەوە
ئەوەی هات وتی: سپێدەیە، وەختیەتی
بەتەنێیان هێشتەوە..

(5)

ئەم شانۆییە چەندی ماندوو کردین
ئەم شانۆییە چەندمان ماندوو دەکا..

(6)

تۆ مەبەستت هەتاوە
کە ئەوەندەمان بێ نرخ گرتووە ،
ڕۆژانە پەرداخی نازانمگەرایی
لێ پڕدەکەین..

مەبەستت هەتاوە
کە لە دوندی نیگاماندا سپی دەچێتەوە..
لە خاکێکی بەراوێتە دەچێ..
لە ڕەنگێکی کاڵی چویتی
بەسەر جیهانێکی نووستوودا..


(7)

وەخت وەختێکی دیکەیە
وەرز وەرزێکی دی

ئێستا هەرئاشقێ نیشتیمانی خۆی هەیە
هەر نیشتیمانێ ئاشقی خۆی..

ئەستێرە تەنیاکە!
ئێمە لە کوێوە دەست پێ بکەینەوە
کە بێپەروا هەنسکی سێبەر دەخوێنەوە؟
لە کوێوە دەست پێ بکەینەوە
لە کوێوە ، ئەستێرەی تەنیا؟!

حوزەیرانی2011


2014
بکوژی باران

# بكوژی باران

"تاریكایی لوتكه و بەندەنی داپۆشین ،
بروسكەیەك درەوشایەوەو
ئاگرێ هەڵبوو،
دونیا مەرگی باراند،
هەرچی دەكەوت، دەبووە خۆڵەمێش
داستانی گەلگامش ،،

(1)

**/ ڕێژنەیەك/ لە/ نیوەشەودا/ خەونی/**
**/ لەبیر/ بردمەوە/ نمەیەك/ بەبیری/ هێنامەوە/**
**/ لەنێوان/ لە بیرچوونەوەو/ وەبیرهاتنەوەدا/ لەگەڵ/**
**/ ئاوازە/ شەكەتەكانی/ سرووشتدا/ تێكەڵ/ بووم/**

پەلکەگیای تەنیا ،
بەئاوی کرِدا دەچن ..

شەقامی ئەستێران ،
چەند مەترێ هەناسەو
تاوێ بارانی دەوێ ..

شەقامی ئەستێران،
باجی خەرمانەو ڕۆژلێبڕان دەخوازێ.

(2)

/ ئاسان/ نییە/ لە/ نەزمی/ هەڵبوون/ بگەین/
/ ئاسان/ نییە/ شارە/ مێرووولەیەك/ لە/ نیشتیمانی/
/ ئاسانستاندا/ دڵنیا/ بکەینەوە./

خۆت بە یەکتەنی و بێنیازی
بسپێرە...

تارمایی درەختان لە تەمدا
چەند جوانە، چەند شۆخ..

با ئیتر بگەڕێینەوە
با بگەڕێینەوە پەیکی لەشان و پیل کەوتوو!
ئێمە خەریکە دەگەینە
ئاسۆی ئاڵوودەیی.
بابگەڕێینەوە
خۆمان بە یەکتەنی و بێنیازی بسپێرین ..

(3)

/ گەرەكە/ قەسیدە/ قەڵەرەوی/ بەهەشت/ بێ/
/ گەرەكە/ زمانمان/ لە/ وەرزەكانی/ زیاتر/
/ لێ/ بەوەلەد/ بێ../
/ گەرەكە/ مانگمان/ لە/ هەرێمی/ درەوشانەوە/
/ ئاوا/ نەبێ/ ئاسمانمان/ بێگەرد.../

من بۆیە دەڵێم چاوی دڵ
چاوی دڵ ،
ئەزەلە، ئەزەل.

بۆیە دەڵێم چرای ڕاز
چرای ڕاز ،
کوانووی
هەڵوەدایانە ، چرای ڕاز.

ئامان ژەنگاری پەتیارەیی
ئامان!

(4)

/ دادپەروەری/ لە/ وشەدا/ نییە/ دادپەروەری/
/ لە/ پیتدایە/
/ ئەندێشەی/ دوابڕاو/ پڕشنگ/ ئەدا./
/ نیوەشەو/ شەرابێکی/ سپی/بوو/
/ ئێمە/ بە/عەکسی/ شەراب/ لە/ پیتێك/
/ دەگەڕاین/ پیتیکی/چارۆگەدار/ لاسەنگی/
/ هاوسەنگ/بکاتەوە/
/ ئێستایش/ دەگەڕێین../

دەرگای ئومێد ،
بەکلیکی بێئومێدی ناکرێتەوە .

شاباش بۆ ئەو گڕەی دونیای سووتاندو
دڵ باکی پێ نەبوو!

شاباش بۆ پاسەوانی
مەملەکەتی تەنیۆڵایی و دەرفەت ..

(5)

/ پەیامی/ بێهوودەیی/ هەندێ/ جار/ گەوهەری/
/ لێ/ دەردەکەوێ/ وەك/ ئەو/ مۆتەکانەی/
/ لە/ بێداربوونەوەدا/ بە/ زیندوویی/ لێیان/
/ ئازاد/ دەبین./

لەباران بەهرە وەرگرە !
سۆزی مەستیی لێ دەتکێ .

لەباران بەهرە وەرگرە !
ڕووە خەمبارەکان ،
بەلای خەراباتان وەردەگێڕێ.

ئای باران
سەهەندی پشکۆ!
نهێنی ئەو چاوانەی ،
عاشقیان تێدا دەتوێنەوە ..
شێتیان لە ناودا ون دەبن ..

ئای باران!
شایەدی دوورونزیك
دوا پەیمانەمان بە بەتاڵی مەهێڵەوە.

(6)

/ پەلكەزێڕینە/ دەبینم/ بڕوام/ بە/ بەرپابوونەوە/
/ لەق/ دەبێ/
/ نازانم/ دەتوانی/ مانایەك/ بە/ غەفڵەتی/
/ شەوەزەنگ/ بدەی/؟/
/ نازانم/ دەتوانی/ ئەو/ زەمەنە/ ڕابگری/
/ داگیركەرانی/ زەمەن/
/ ئاو/ و/ هەوایان/ لێ/ بڕیوە؟/
/ دەتوانی/ بۆ/ ڕۆژگارێكی/ دیكەی/ هەڵدەی؟/

ئەو هەناسەیە چییە
نوقمی گێژەنە،
نە دەخنکێ، نە ڕزگاری دەبێ؟!

ئەو دڵە چ دڵێکە
دەوەستێ و لە لێدان ناکەوێ؟

ئەو مۆمە چییە
تا ئەبەد دەسووتێ؟

تۆ دووری، ئەی پرسیاری ناخ
داد نییە
بە تۆ گەیشتن
لە کێوی قاف دوورتر بێ.

(7)

/ سیرەی/ دەرگا/ لە/ غەریبیدا/ ئاهەنگێکی/
/ ئەفسووناوی/ هەیە/
/ هاوولاتییانی/ گەلگامش/ سەریان/ لەسەر/
/ پەیمانەیەك/ دانا/ لە/ ترسی/ ڕۆژگارە/
/ خۆڵەمێشییە/ دیماهینەهاتووەکان/
/ هەڵبزڕکابوو../

بۆ تۆ، سەر لەرێ
کوێت بوێ دەچم ..

لەم زەنەکەدا، بە تەنیا
ناتوانی بپەڕیەوە

تا، تا، تا،
تا (هەتاو لە سنگمان دەڕوێ)
لەگەڵت دەبم .

تا، تا، تا،
تا ئەم خاکە و خۆڵە مابێ،
بۆ تۆ
سەر لە ڕێ
کوێت بوێ دەچم.

(8)


/ مێژوومان/ وێنەی/ قەسیدەیەکی/ نیوەچڵ/
/ لە/ کۆڵدا/ هاتووە/ تەبعی/ پەژموردەیی/
/ خەرەندێکی/ هەزار/ بە/ هەزارە/ بە/ بەر/ چاوی/
/ ئادەمییە/ سەر/هەتاوەکانەوە/ هەڵماندەلووشێ/
/ دەبێ/ نەهێڵین/ئەو/ ڕوناهییە، بکوژێتەوە/

هەمیشە تەسلیمی ئەو خەندەیەم،
لە سیماتدا هەڵدێ.

هەمیشە خەون بە دڵەکوتەی
ئەو دەروێشانە دەبینم
بە هەڵاوی جوانی دەسووتێن.

بار له كۆنترۆڵ دەرچووە، كريف !
خەمسەرايە، خەمسەرايە، خەمسەرا.....

ئەيلوول/ 2013



زەماوەندی هەورە بابردووەکان

# زەماوەندی هەورە بابردووەکان

((خەم هەرچەند بێ ماریای بچکۆلانە
ئێمە حیکایەتی خۆمان هەر دەگێڕینەوە
شاعیری ژاپۆنی
نۆبۆ ئایۆکاوا))

(1)

**/ گۆرستانی/ لانەوازان/ ئاوازی/ هاتەهەتایمان/**
**/ بۆ/ دەژەنێ./ لە/ گۆڕستانی/ لانەوازاندا/ هاوین/**
**/ زستانە/ بەهار/ زستان/ پایز/ زستان و/ زستان/**
**/ زستان../**

چیم لێ دەپرسی؟
کەمن شتێك لە مێرگ  و پاناوکان نەزانم...؟

چیم لێ دەپرسی؟
لەوەتەی هەم،
سیمای خۆمم نەبینیبێ؟

چیم لێ دەپرسی؟
کە نەزانم لە کوێڕا دەست پێ بکەین؟

(2)

/ ئێمە/ خاکمان/ بە/ کێڵراوییەوە/ خۆش/ دەوێ/
/ ئاو/ بە/ ڕەوانی/ گوڵەگەنم و/ پەلکەگیامان/
/ چۆن/خۆش/ بوێ/ کە/ سنگیان/ دەدەنە/ بەر/
/ گەردی/بەیانییان و/ لە/ ئاوابوونی/
/ شەو/ دەدوێن؟/

گوێ بۆ کوێ هەڵدەخەی،
سەرەتای  وچان و کسپەیە..

چاو بۆ کوێ هەڵدەبڕی،
دوایی کەوشەن و ئاسۆیە..

ئێستا ویقار
لە خەرمانەی مانگدا نییە
ویقار ئێستا،
لە ژاکانی ڕوومەتی ئەو ژنانەیە
بەهەنسکی چاوەڕوانییەوە خەملیون.

(3)

/ ئیتر/ ناڕوانمە/دەرەوە/ئەو/تیشکانەی/
/ لە/ چاوی/تۆوە/ هەڵمگرتوون/ بەسن/
/ بۆ/ ئەوەی/ هەناسەیان/ پێ/ بدەم/

دەنگێك دەبینم، تەنیا.. ماندوو
بەرەو من دێ
بەر لەوەی بگات،
کەویە بەفرەکان لە کۆڵ دەنێم و هەڵدیم.

چەپکە تیشکێك
لە گوێم دەزرنگێتەوە
مۆبایلەکەمیانم پێدادەدەم،
پەرتیان دەکەم..

(4)

/ گەڕانەوە/ بۆ/ سەرچاوە/
/ لە/ پایزێکی/ کەسکدا/ ساویلکەییە../
/ هەموو/ دەم/ شیعر/ لە/ جەژن و/ شادیدا/ نییە/
/ ئەو/ پیشە/ لەعنەتییە/
/ وەك/ ئاو/ بە/ جەستەماندا/ دێتە/ خوارێ/
/ زمانمان/ بپژێنێ/
/ ئەو/ پیشەیە/ زۆر/ جار/ کە/ لە/ پەردەییێکی/
/ ڕووبەدەر/ دەچێ/ تامی/ نامێنێ/

زنجیریان،
بەملی
ڕەشەبای
ناوەختەوە کردبوو...
نەوای سەردەمی
بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕاند.

(5)

/ سینەمان ،/ سینەی/ داغمان/ بە/ ئاخی/ کپکراو/
/ بە/ لێزمەی/ ئەسرین/ داخراوە../
/ ئەو/ قفڵە/ بە/چی/ دەکرێتەوە؟/ بە/ چی/
/ دەکرێتەوە/ئەم/ قفڵە؟/

کۆیان کردینەوە
لە گۆزەیەکیان هاوێشتین ..

چێژخوازن ..
هەموو زمانێك دەزانن..
لە هەموو زمانێك دەگەن ،
زمانی خاك نەبێ!

بەسۆیە یەکتەنیی.
دژوارە خرۆش.

(6)

/ چی/ بکەین/ کەمینێك/ بۆ/ گۆشەگیریی/
/ بنێینەوە؟!/
/ چ/ ڕێگاییێك/ بگرینەبەر/
/ جەستەی/ گڕگرتووی/گۆشەگیریی/
/ شەڵاڵی/ عەشق/ بێ ؟/

ڕووبار لێڵ بوو. کەس گوێ ناگرێ.
با تاوگەز بوو. کەس نابینێ.

پاکدامەنیی ،
لە ژێر پێی پێناواندا کەوتووە..

ناپاکییان لە ڕووبار ،
ناپاکییان لە درەخت ،
ناپاکییان لە با کرد..

لە مەرگەمەلەدا
بوار هەر ئەوەندە بوو...
هەر ئەوەندە بوو بوار
ڕووباری لێڵ!
بای تاوگەز!
درەختی بە ناخدا هەڵچوو!
هەر ئەوەندە....

(7)

***/ قەڵای مێردان/ ئادەمیخۆرانیش/ داڵدە/ دەدا/***
***/ ئایا/ کاتی/ نەهاتووە/ لە/ دۆڵێکی/ دووردا/***
***/ کۆببینەوە/ پێکەوە/ پیاڵەی/ ژەهر/ هەڵدەین؟/***
***/ لە/ کاتێکدا/ دڵمان/ وازی/ لە/ سەمایە؟/***

شەتاوم لەڕەوتی ورشە دی
نهێنی لە بانگەشەدا ..

ئەوانە بەختیار بوون
سۆمایان نەمابوو!
ئەوانە بەختیار بوون
ژاڵەیان خواردبوو !

(8)

/ گەر/ ئەم/ سەفەرە/ بکەین/ لە/ کوێی/
/ لێکدابڕاندا/دەبین؟/
/ لە/ کوێی/ دەربەدەری و/خان بەکۆڵی/
/ کێڵگەکاندا/ دەبین؟/
/ لە/ کوێی/ نیگەرانیی../
/ چی/ بکەین،/ئێمە/ چی/ بکەین؟/
/ بەردەوام/ بین/لە/ نۆژەنکردنەوەی/
/ تەوژمە/ تێکشکاوەکان/
/ یان/ بوەستین؟/

ئەو ئاوە پاراوەی
بە تافتەی دەسماڵی هەڵخراوتا
دێتە خوارێ،
گریانی منە، ڕێداری چیا!
ئەو ئاوە پاراوە،
گریانی منە..

(9)

/ قسەم/ بۆ/ تۆیە/ گەڵای/ تۆقەڵان/
/ قسەم/بۆ/تۆیە/شەوبۆی/بەردەرگا/
/ قسەم/بۆ/تۆیە/ ئێوارەی/ نەرم/
/ قسەم/بۆ/ تۆیە/ سیبیریای/ دۆزەخ/
/ بۆ/ ئێوەیە/ قسەم!/

سەیری ئەو ترسەکە!
لە کوورەی هەڵایساو،
لە دیالۆگی سەردەم دەچێ..


سەیری پەنجەی باران بکە!
بەسەر ڕۆژگاری من و تۆدا
وێنەی گوڵەڕەنگینەکانی کەنار..


ئەو ترسە،
لە ڕازیکی شکۆدار دەکا
مشت لە خەنجەر،
چاو لە خوێن ..
دەڵێی بەفری کانوونە
ڕەشانگ پڕ دەکاتەوە.

سەیرکە! ئەو ترسە،

ئەو ترسەی
لە کوورەی هەڵایساو دەچێ و
من و تۆی تێداین
چەند ئاسوودە و بێ هاوتایە..

تشرینی دووەم 2013





لەیادمانی گوڵە بڵێسەدارەکانەوە

# لەیادمانی گوڵە بلێسەدارەکانەوە

(( ئێمە ئەوەین زیندان
لەخۆمان دەکەینە گوڵستان،
کە زیندانمان گوڵستان بێ
گوڵستانمان دەبێ چی بێ ..؟
شەمسی تەورێزی ))

(1)

**/ ئێوارە/ ڕەنگی/ ڕووبارە/ شینە/ زەردباوەکان/**
**/ دەداتەوە/.. /**
**/ ترس/ بە/ کڵاوێکی/ بەڵەکەوە/**
**/ سەرەتاتکێمان/لەگەڵدا/ دەکا../**
**/ هەڵپەی/ کارامەیی/ یاڵی/ بە/ ئەسپە/**
**/ چەقیوەکانەوە/ نەهێشت./**

گوڵاڵە سوورەی کانی مرادان
هانا بۆ عاشقان دێنن؛

تۆ مەنووە، ئەستێرەگەشبوونان بگەڕێوە !
کە هاتییەوە دەبینی
چۆن دونیا
دەست لەبەر پشتی شەو دەنێ.

(2)

**/ تەمەن/ بایی/ ئەوە/ نەبوو/**
**/ پەرژین/ بە/ دەوری/ ئاوباران/ هەڵچنین/**
**/ شووشەی/ شەبەنگی/ پاڵ/ چرا/**
**/ ئادگاری/ تێکشکاو/ ئەلهای/ مەرگ/ و/**
**/ هەتاو/ لە/ یەك/ کاتا../**
**/ لە/ یەك/ کاتا/ ئەلهای/ مەرگ/ و/ هەتاو/**

بای وادە ،
لەپاڵ پاردەی بیرەوەرییەکاندایە.

بوولێڵم لە کاژەکانی بەندەن داماڵی.
نەمهێشت گەڵاکان
پەیمان بشکێنن.
نەمهێشت لێڕەوار،
گلاراو.. پێکوڕە،
لە هاژەی سەهەندی
ئەم چەرخە غەدداره بخنکێ.

(3)

/ فرمێسکی/ ماندوو/
/ لە/ بۆسەیەکی/ ئەفسانەییدا/
/ کەنار/ بە/ گوڵی/ هەڵایساوەوە/
/ خەملێنرا / بوو/
/ ئەی / ئاهەنگی/ هەنسکاوی/
/ کە/ لە/ پێش/ قافڵەی/ بادەنۆشانەوە/
/ بارت/ لێ/ خستووە/
/ دەمەوێ/ باخچە/ خۆڵەمێشییەکانی/
/ تەنیاییت/ ببینم./

بادەگێڕ
بە پەیمانەی پیرۆزی
برینەکانمی درەوشاندەوە ..

بێ هاوتایە ئەزەل، پەری دێم!
خۆت بەنیازی
پەیژەیەکی شکاوەوە مەسپێرە !
بێ هاوتایە ئەزەل.

(4)

/ پرسیار/ تەنگیان/ پێ/ هەڵچنیوم../
/ سەرابە/ ڕێ../
/ چەندی/ ڕۆیشتم/ نەگەیشتمە/ مرۆڤ/
/ چەندی/ ڕۆیشتم/ نەگەیشتمە/ دڵم/
/ کە/ لە/ نێوان/ شکان و/ نەشکاندایە./

لەڕێوڕەسمی ئاهەنگی مەرگی گوڵەمێخەکدا
وێستگەی پاسی
شارەکانم بیرکەوتەوە..

له شۆستەی باغە سیمکراوەکانی
ئەم بەر و ئەوبەری ڕێگا
گۆڕەپانی نوێکردنەوەی ناسنامە!

(5)

/ هەمیشە/ دەیگوت/ نامەوێ/ تەنیا/ بم/
/ ئەو/ شانۆییە/ تا/ دێ/ ماندووترمان/ دەکا/

تۆ بیرت لێ کردووەتەوە
لەناو هەنارێکی قەڵەشتوودا ،
چ دەگوزەرێ؟

بیرت لێ کردووەتەوە
لەبن چیلەمێوێکدا ،
چ ژانێکی ئاسنین پێدەکەنێ؟

(6)

/ خۆشەویستیت/ بە/ من/ نەدەشاردرایەوە/
/ لە/ کۆڵ/ خۆمدا/ هاتبووم/
/ کورسییەکی / تەنیا/ لەو/ لاوە/ کەوتبوو/
/ شانی/ بۆ/ هەڵدەتەکاندم/
/ ئەفسووس/ ئێستاش/
/ لە/ ئاماژەکانی/ نەگەیشتم/

لەرینەوەی قامچی
جێوڕێیی خۆمم پیشان دەداتەوە .
چەقی کاتژمێر ئینجانە.

(7)

/ بارانمان/ بۆنی/ خاکی/ پێوە/ نەماوە/
/ جەستە/ شێوێنراوەکان/ بردوویانە/
/ جۆگەلی/ بنار/ خەمی/ حەوزەکانی / خۆیانە/
/ هەموومان/ چاوەڕێی/ گەڕانەوەی/ جەنازەی/
/ خوێناوی/ڕووبار/ دەکەین/ هەموومان../

لە کەپەنەکی شوانێکدا نوستبووم
خەونم بە بارانەوە بینی

بەدیار ئاگری باڵاَنوێنی کۆچەرییانەوە ؛
زمانی شازادان فێربووم ..

ئەرخەوان، زێڕئاژن ..
ئەرخەوان، دەنگی با، وینگەی بەرد ..
ئەرخەوان، شەیدایی خەڵوەت،
ئەرخەوان، ئاڵا ...

(8)

**/ ئاسمان/ له/ حەزو/ ئەڤینمان/ هەڵدێ../**
**/ سێبەر/ شەفەقمان/ لێ/ دەتۆرێنێ/**
**/ نە/ دەرگا/ نە/ ئاراستە/ نە.../**

بمانەوێ دەتوانینلە دڵۆپێك باراندا ،
زستان ببینین.
بمانەوێ دەتوانین
لە زەردەخەنەی کەویە بەفرێکدا
هاوین ببینین.

بمانەوێ دەتوانین
لەسەر قەنەفەیەکی شکاوی (مەچکۆ)دا ،
دونیا ببینین.

(9)

/ بە/ خەڵوەتی/ بێ/ نەواییدا/ دەڕۆن/
/ کەس/خۆی/ لە/ هاوڕێکەی/ ناکاتە/ خاوەن/
/ ئەم/ پەنایە/ ئیتر/ ژیانی/ لێ/ نەماوە/

کەپکە شاخێکی زیز
لە کەنارێکی شێتدا
چاوی بڕیبووە دارستان ..
تارمایی مردن نەبوو ،
خۆڵبارانی تەم بوو ..
لە هۆشیارییەکی مەستدا،
لە قۆزاخەی گوڵێکی نەپشکووتوودا ،
لە بنکەی ئەبەدییەت..

کەپکە شاخێکی زیز
لەکەنارێکی شێتدا
چاوی بڕیبووە دارستان.

(10)

/ هیوای/ ڕەش/

/ ڕەش/تا/ تاریکی/

/ تاریکاییەکی/ شێت /

/ شێت/ تا/ هیوا/

من لەنێوان دوو شوورەی دڕکاویدا
لەنێوان دوو شوورە
لەبەر پڕشنگی نیگاکانت ،
ئیمتیحانی وانەی
مۆمی دەم بام دایەوە..

(11)

/ ئەو/ گوڵەی/ لە/ دەستت/ گرتووە/

/ بڵێسەیەکە/

/ لە/ حیلەی/ ئەسپ/ ئەچێ/

/ دەنگ/ دەداتەوە/

/ ئایا/ بۆمان / هەیە/

/ خەم/

/ بۆ/ ڕەنگپەڕیویی/ خۆمان/ بخۆین؟/

/ بۆمان/هەیە/

/ ئەندازەیەك/ بۆ/ گۆڕستانەکانمان/ دابنێین؟/

بیرەوەرییەکان
پێشزانییان فێرکردم؛
هەموومان دەڕۆین ..
قەسیدە خەماوییەکانمان دەمێننەوە
کێشمانەی خۆیان دەدەن..

(12)

/ ژەنگ/ ژەنگ/

/ لە/ هاتی/ دا/ ژەنگ/

/ لە/ قاتی/ دا/ ژەنگ/

شووشەیەکی بەتاڵ ،
لە پیادەڕۆییەکی بنبەستدا کەوتبوو ..

ڕێگر نەبوو، جەردە نەبوو ..
بوونەوەرێکی ئەفسانەیی نەبوو
شووشەیەکی بەتاڵ بوو
شەڕی مان و نەمانیان لەسەرکرد !!


(13)

/ چرپەم/بۆ/ نەخوێندرایەوە/
/ ئەم / جارە/
/ سروە/ لە/ میحرابی/ پاییزدا/ هەڵناکا/
/ خۆر/ لەسەرمان/ پاڵتۆی/ هەورانی/ پۆشیوە/

له ترافیك لایتی ئەوسەری شەقامدا
درەختێكیان ڕاقەناند
شاعیرێكیان سارد كردەوە..

له ترافیك لایت
درەختان بەردەدەنەوە
شاعیران سارد دەکەنەوە..

حوزەیرانی 2013



## له ژێر قوببەی ئومێددا

## له ژێر قوببەی ئومێردا

(1)

بۆچی نەفرەت؟
نەفرەتی بۆ لێ دەکەی
نینئەننای بەرز و مەزن..
ئارمووشی دەرزیئاژنی هیرۆدولا بوو
پاکیزەیی چیایانی
لەبیر ئەنکیدۆ بردەوە..

(2)

لێرە لە ژێر قوببەیێکدا،
کە هەر سەعاتەی
بە ڕەنگێك خۆی دەنوێنی؛
وەرزەکان هەموویان
پێکەوە دێن..

لێرە سرەی بەفرانبار و
هەوای تاوگەزی هاوین ،
باڵەفرەی گەڵای پایزو
درەختی پژاوی بەهار ،
وێنەی چڵی زرووبێبەر تێکئاڵاون..

ئیتر، ئەوە،
سەرەتای سەفەرێکی ناوەخت بوو
قاچمان لە پێخوستی دی دانا
فریومان بە گڵۆپەکانی سەر سەرمان خوارد
کە نیوەیان سووتا بوون،
لە چەند ئەستێرەییێکی کوژاوە دەچوون ..

تەزووی خرۆشێکی سرووشتبەدەر بوو،
لە لێوارە زیندەبەتاڵەکانی تەمەن
بە هەنسکی ناچاری خنکاو
زەمەنی تووڕەیی بای تێدا دەکوژرا..

(3)

له ژێر قوببەی ئومێددا
قسەکانمان،
هەندێ جار بانگ و
هەندێ جار ڕووت و قووت
خۆیان دەدایە بەر
بلاجکتۆرە مل خوارەکان..

زۆرجار باکوور ،
لە مایکە ماندووەکاندا
تا دەنگی دەدایەوە
دەبووە باشوور..

له ژێر قوببەی ئومێددا
کە پێی دەڵێین پەرلەمان:
جار هەبوو
خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدەهات!

بەڵام دەبووایە ئەم سەفەرە بکەین
ئارمووشی هێرۆدولا بۆ ئێمە
سروودی سروودان بوو..

ئەرا ئەو (با) یەی
لە کۆتایهاتنەوە هاتووە
تەنیا شارای ئێمە دەگرێتەوە؟!

(4)

له ژێر قوببەی ئومێددا ،
چاو دەبڕینە بنمیچ
کەسمان لە حیکمەتی قیبلەنما ناگەین..

کە دێین کەسمان ، سڵاوێك
تەنیا سڵاوێك ،
لە چیمەنی حەوشە ناکەین
کە هەمیشە باکگراوندی
خۆهەڵخستن و درۆکانمانە...

(5)

لەژێر قوببەی ئومێددا
سیماکان ڕەنگی سیزیفیان گرتووە ..

بەیانی بە ئێوارە دەسپێرین و
ئێوارە بە بەیانی ..

شێوە لە کۆشی شێوەمان دەنێ
لەرە بە لەرەمان دادەدا ..

لەبیرمان دەچێ ئەو کۆشکەی لە خەیاڵمانە
شوورەی هەیە ..
شەپۆلی گریان و
ڕووباری خوێنمان لەبیر دەچێ ..

لەبیرمان دەچێ
ئارمووشی هیرۆدولا دەرزیئاژن بوو
پاکیزەیی چیایانی برد ..

(6)

له ژێر قوببەی ئومێددا
چیرۆکی ون بوونی شەفەق و
ساوی هاژەمان دەنووسییەوە ..

زۆرجار بە سەعات
لە ناو کۆتایهاتندا دەماینەوەو
بۆرایی سەرەتامان،
وەك تارمایی میرێکی سەدەکانی ناوەڕاست
لێ دەردەکەوت .

(7)

له ژێر قوببەی ئومێددا ،
له یەك كاتدا و له هەمان دانیشتندا
بادەی پەتیارەیی و
پێكی میرغەزەبانمان دەخواردەوە ..

له یەك كاتدا و له هەمان دانیشتندا
نوخشەی زەمەندی دونیاو
باخچه هەڵواسراوەكانی داری بەقامان دادەدا ..

ڕۆحمان بە بەرەواژی ،
لەبەر مایکە سواڵکەرەکانی بەر دەرگا
هەڵدەواسی ..
بە چاوی ئەستێرە ..
بە قەڵەمی تەم ..
بە تەوژمی وینگە و
بە ساوی لاتی
موزایەدەو درۆکانمان کاوێژ دەکردەوە ...

(8)

له ژێر قوببەی ئومێددا
كە بە پەرلەمان ناوی چووە
زمانی عەرەبی
وێنەی وەسیەتنامەی سوڵتانەكان
تیلمە كاغەزێكی گرینكە
لە قاسەی سەرۆكایەتیدا هەڵدەگیرێ .

زمانی کوردیش،
لەگەڵ ئەوەی پاسەوانی وەهمی بۆ داندراوە
ڕۆژانە ،
بە بەر چاوی (بەڕێزان) ـەوە
لە ڕێوڕەسمێکی ڕاشکاودا
لە ژێر پەیژەی هاتووچوودا
دادەپۆشرێ ..

(9)

له ژێر قوببەی پەرلەماندا
ئەوەندەی حساب بۆ چڵ دەکرێ
بۆ گوڵ ناکرێ ..

ئەوەندەی زرنگانەوە،
دەخرێتە بەرنامەی کارەوە
هانا ئاوڕی لێ نادرێتەوە .

کێ بیری لەوە دەکردەوە
ڕۆژێ ئێمە پێکەوە دەبین ..
کێ بیری لەوە دەکردەوە
چەمانەوەی پێش مایك
لە شکانەوەی شەپۆلی دەریا بچێ ، کێ؟

یا بگەڕێینەوە سەرچاوە
سەرچاوەی چیا
یا هەر یەکەمان
لە ژێر قوببەی پەرلەماندا
چاوەڕوانی هیرۆدولای خۆمان بکەین.

(10)

له ژێر قوببەی پەرلەماندا
دڵ نەبوو لێی دەدا
کەڤرێك بوو، هەر ڕۆژەی ،
هەر دەمەی ،
هەر چرکەی ،
پارچەییێکی لێ جودا دەبووەوە ..

چاو نەبوو دەیبینی
دوو کانی وشك بوون ،
بە گڵۆپەکانی بنمیچ دەبریسکانەوە ،

گوێ نەبوو دەبییان
دوو خەرەندی هەزار بەهەزار بوون
مۆسیقایان ،
تێدا دەبووە لوورەی گورگ .

تازەچی لە ئاگردان و مۆبایل و
ئایفون و
ئایپاد و ئای نازانم چی؟
تازەچی لە خانووکەڵەبێیێکی ئەو گوندانەی
دەمانگوت:
(لە جاران جوانتریان دروست دەکەینەوە)؟

تازەچی
لە چەند پارچەیێ هەور ..
چەند مەترێ  هەناسە ..
تازەچی لەماڵی جەستە
لە زیندەخەونەکانی فیراری؟
تازەچی؟

کانوونی یەکەم 2014


بەرپابوونەوەی شەو

## بەرپابوونەوەی شەو

(1)
لە ڕۆژهەڵاتەوە
بۆ ڕۆژهەڵات ..
سۆمەرییە سەرڕەشەکان،
بە پێخواسی ،
خاکی قەدەغەکراو تەی دەکەن ...

تا چاو بڕ دەکا شەوە ..
بەیانی شەو
نیوەڕۆ شەو
ئێوارە شەو
شەویش هەر شەو ..

خۆر هەڵیشبێ
ئەو خۆرە نییە ڕوناهی ،
لە سنگی سەرڕەشان بپەڕێتەوە ..
کازیوە نابیندرێ
لەوێ ، لە ڕێدا ، لە خاکی قەدەغەکراو
ڕێبواران نازانن سپێدە چییە ..
ئێوارەو نیوڕۆژ ناناسن .

تا چاو بڕ دەکا شەوە ...
سۆمەرییە سەرڕەشە پێخواسەکان
لە شەوی بێسەرەتاوبێ کۆتایی
تەنیا پەی، بەناخی خۆیان دەبەن
لەدالآنەکانی ئەوێدا ،
بەدەم ڕێگاوە :
ئەستێران بە داو ومدەکەن ..
درەختان دەدوێنن ..

ئەو کتێبانە دەخوێننەوە ؛
لە دوایدا دەیانووسن :
کتێبی چەشە
کتێبی چزوو
کتێبی یەکتەنیی و
کتێبی مەرگ و نەمریی ..

سۆمەرییە سەرڕەشە پێخواسەکان
بەدرێژایی ڕێ
بە درێژایی شەوی دوانەبڕاو
بە درەوشانەوەی ناخیان
بیر لە نان ، لە باران
لە گیروگرفتەکانی دڵ و
لە مەستبوون دەکەنەوە ..

بیر لە خونچەکانی ڕاست و چەپی ڕێ دەکەنەوە
کە بە تینی تاریکایی دەپشکوون .
بیر لە ئاسمان دەکەنەوە
بە کەزیە ئاڵۆزەکانی شەو
کێشمانەی خۆی دەدا ..

ئیتر نەما
شەو سیپارەییێکی چەند پەڕی بێ ،
لەپیێچی مێژەرێکدا بخوێنرێتەوە .
شەو ئەسکەندەرنامەیە ...
چەندی لێ دەخوێننەوە
دوو ئەوەندە ، دە ئەوەندەی دێتە سەر ..

شەو داستانێکە ،
کەس نازانێ کەی دەستی پێکراوە
کەی تەواو دەبێ .

(2)

له ڕۆژهەڵاتەوە
بۆ ڕۆژهەڵات
(خۆرێكی چەند زەردو گەرمۆكەمان
هەبوو
ئەو دەمەی لە دارودرەخت دەچووین ..
ئەو دەمەی خۆمان پێك هەڵدەواسی و
گەڵامان تێكەڵ دەبوون ..
ڕەگمان
لە یەك سەرچاوەی دەخواردەوە .

ئەو دەمەی
خۆرێکی زەردو گەرمۆکەمان هەبوو ،
چەند مرۆڤی سادە بووین
پڕ لە ئارەزوو .. لەمانا
بەتاڤگان هەڵدەگەڕاین
ترسمان لە بناران گڕدەدا .. )

ئەو شەوە تایبەتییە مەحاڵەیان
لە کوێ بۆ سەرڕەشان هێنا ؟
لە کوێیان هێنا ئەو شەوە ؟
بۆ هێنایان ؟
کە نە بە هاوار
سەدای نووزەی
شەوقێکی کز دەبینرا ،
نەشکۆفە خەواڵووەکان
جیلیوەیەکیان لێ دەبووەوە ..

شەو ، شەو
هەمیشە شەو
بەیانی شەو
نیوەڕۆ شەو
ئێوارە شەو
شەویش هەر شەو ..

(3)

له ڕۆژهەڵاتەوە
بۆ ڕۆژهەڵات ..
سۆمەرییە سەرڕەشەكان
لەدونیای شەودا
خاكی ڕەنگینیان
له ناخی خۆیاندا دەدی ..

ئایندەیان دەخوێندەوە
پێشبینی کەش و هەوایان دەکرد و
لە زەماوەندی ،
شەپۆل و ڕووباران بەشدار دەبوون ..

سەرڕەشەکان،
جار هەبوو لەخۆشیا دەگریان
جاریش هەبوو لەخەمان پێدەکەنین.

سەردەمە سەخیفەکانی دوای خۆیان دەدی
فێربوون ڕقیان لە شەڕ ببێتەوە
سیمای سەقەتستان و
بوونەوەرەکانی
وێنەی زامی درۆزنانەی بکوژو ببڕان بناسنەوە ..

هاتن گەلگامشیان
لە ئەشکەوت و دڕاڵەکانی
شانیدەرو زرزی و هەزارمێردو
دەشتاییەکانی چەرمۆدا برد ..
ئەنکیدۆیان
لە لوتکەکانی زاگرۆسەوە هێنایەخوار .

ئەو دەمە
مەیخانە پاڵی بەمەیخانەوە دابوو
کەس نەیدەزانی مەرگ چییە ..
گەلگامش لە مەیخانە دادەنیشت ،
سێوی بە پەلکەوە دەخوارد ..
گوێی بۆ حیکایەتی
ئەو سەردەمانە ڕادەدێرا
هێشتا نەهاتبوون.

حیکایەتی
ئەوەی پاشان ،
ناوی لێنرا بێهوودەیی ...


ئەوەی ناوی لێنرا شەڕ:
شەڕ لەگەڵ خۆ ..
لەگەڵ ئەو ..
لەگەڵ ئەوی دی ..
لەگەڵ ئەوانی دی ....

حیکایەتی
ئەو قەسیدانەیش
دەنووسرێن و
لەگەڵ دووکەڵی جگەرەدا بە با دەکرێن ..

(4)

ئەوە ، خەونی من بوو
پڕ بە قووڵایی خۆشەویستیم
لە شەوێکی سپیدا بینیم
پێیان گوتم :
ئێمە ،
مرۆڤ ،
پێویستیمان بە کەشتییەکی دیکە هەیە .

تشرینی یەکەم2014



ئەوەی لە
دواخوانی برایاندا نەگوترابوو

# ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو

«سیدۆری
پیاڵەی بادەم بەنیوە نەکردبوو
لە نەشئەی سپێدەیان کردم
نەیانهێشت گڕوگاڵی هەتاو
بەسەر ڕوومەتی چیایانەوە ببینم»
لە قەسیدەیەکی بڵاوکراوەی پێشترمەوە.

(1)
/ بە/ دڵی/ بەدمەستم/ گوت:/
/ کە/ لە/ ئاهەنگی/مەعشووقدا/ دەفڕی/
/ ڕوناهی/
/ هەمووی/ لە/ تۆدا/ هەڵدەبێ/

/ لێ/ گەڕێ/ جێیەکمان/ لە/ کونجێکی/
/ خەراباتدا/ بەرکەوێ./
/ لێمان/ گەڕێ/ ئێمە/ سێبەری/ چڵی/
/ دارەبەنێکمان/ بەسە./

ئەو شەوەی
کەزی تۆم
بە ئەستێرە ڕژاوەکان چواند ،
تێنەگەیشتم سروەی ماتەم
لە چ لایەکەوە هەڵی کرد؟
تێنەگەیشتم نەخشەی تەمەن
چ شێوەیەکی وەرگرت..؟

بۆ بادەییە وشکەسەما
شکەنجە ئارمووشی خاشاك.

(2)

/ نێرگز/ساڵی/ جارێك/ بەخۆی و/ بە/ تەمەنی/
/ لەبیرکراوی/ بێ/ پەروا/ لە/ گلەیی/ عاشقان/
/ دێتەوە/
/ تۆ/ نایەوە/ تۆ/ لە/ ئەسرین و/ زام/ ناگەی/

سەحەر ئەنگووت
ئەوان لەخۆیان زیاتر نەدی.

من لەگەڵ باراندا دەنووم هۆشکۆڵ
گریانم لە بانیژە هەڵخەستووە .
پێم لە پێخوستی بەیانی ناوە ..
تۆ هەستت لەجەنگەڵستانی
ئارەزوودا بەند کردووە.

شالاوی ئاڵوودەییە ئەمە، پەتایە
شەوقی نۆشین چۆن دەبینن؟

(3)

/ جادووگەرێکی/ سرووشتبەدەر/ دزە/ دەکاو/
/ بەخۆی و/ بە/ ئاسۆیەکی/ بێ/ سنوورەوە/
/ دێتە/ ژوورەکەم/

/ ئەو/ جادووگەرە/ پرۆمیسیۆسی/ جوانیدزە/
/ نەك/ ئاگر، / جوانی/ حەوت/ حۆریانی/ دزیوە/
/ هاتووە/ شایەدیم/ پێ/ بدا/ سەودایەکی/
/ لەگەڵ/ خۆردا/ پێ/ بکا../

ببووره، خەون ڕایکێشام،
لە مەزرای خەم بووم
کۆتەڵم دەچاندن..

ببووره، وڵاتی ڕووەکنشین،
ڕووباری تریفەی پیێدا دەهاتن..

ببووره،
لەوێدا، لە خەونی ماندووان ،
ڕێیەك نییە
بگاتە جێ..!
(هاتی)یەك نابینی
(قاتی) بەرامبەر نەبووبێ..
ببووره!
سەرمەدییە..ئەمە .. ببووره!

(4)

/ باڵمان/ گرت/ با/ حسابێکی/ بۆ/ نەکردین/
/ مێژوو/ و/ جوغرافیای/ شارە/ بریقەدارەکانمان/
/ هێنا/ لە/ مەیدانی/ چۆڵی/ ویژدانمان/ دانا../
/ ئەوەی/ نەدەدیترا/ ئێمە/ بینیمان/

/ پەیامبەرانی/ نیگەرانیی،/ نیشتیمانی/ ڤایرۆس/
/ جیهانی/ پێکەنیناوی../ ئەوەی نەدیترابوو/
/ ئێمە/ بینیمان../

نگینی ئەنگوستیلەکەم
زەردەخەنەی گوڵئەستێرە،
تەنیایی شەوانم بەبیر دێنێتەوە.

نگینی ئەنگوستیلەکەم
بێتاویم لەبیر دەباتەوە .

نگینی ئەنگوستیلەکەم دۆستمە
لە زۆر ئاشناو برادەر دڵسۆزتر ..

(5)

/ سەری/ لە/ بن/ هەنگڵی/ خۆی/ ناوە/
/ کەیل/ بووە/ تا/ ڕادەی/ هوشیاری../

/ ئەم/ بوونەوەرە/ بن دیوار و/ شەقام و/ شۆستەو/
/ زبڵخانە/ نەما/ سەری/ پێ/ نەکا../
/ هەموو/ زەمەنەکانی/ لێ/ کۆبوونەتەوە../
/ ئەم/ بوونەوەرە/ هەزاران/ ساڵە/ بەڕێوەیە/ تا/
/ ئێستا/ کەس/ لێی/ نەپرسیوەتەوە./

دیوار تا نەڕووخێ
نووری پێدا نایێ..

دیوار ماڵە..

ئەی بانگی هاژەی دوور!
پەنجەرەی ڕۆح!
ئەی ساوی مینای تەملێدراو!
بێ دان و ئاومان مەکە
بەهێزی خەڵوەت،
بە شەوقی لێزمە ،
دیوارەکان بڕووخێنە
نوورمان دەوێ ئێمە، نوور
نوورمان دەوێ، ئێمە ،
نوورمان دەوێ
نوور...

(6)

/ چاوەڕوانیی/
/ لە/ کەوێکی/ ڕاوەدوونراو/ دەچێ/
/ دەرگاکان/ کراوەن،/
/ بەڵام/ کاتپەرستان/
/ کە/ هەمیشە/ سێبەری/ یەکترن/
/ ڕێگاکانیان/ گرتووە./

ڕۆژگار دێن
لە تاریکی شەودا
نقوم دەبن.

شەوگار دەڕۆن،
لە باوەشی ڕۆژگاردا دەتوێنەوە.

ئەی ئاشنا! غەریب!
وەك باڵای گوڵەگەنم،
هەڵپەی برسیەتی ..
وەك خوڕەی تاڤگە،
سمکۆڵی ئەشکەوتی تینوویەتی.

(7)

/ ئەگەر/ ویستت/ بگەیتە/ ترۆپك/
/ پێویستە/ بزانی/
/ كراوات/ چۆن/ گرێ/ دەدرێ/
/ خەمە/ ڕاستینەكان/
/ لە/ بڵندییان/ كۆدەبنەوە../
/ بەهاران/ مرۆڤ/ دڕك و/ گوڵ/
/ لێك/ جودا/ ناكاتەوە./

له باخچەیەكی پەنهانی
گوندێكی دووردا
گوڵ گوڵم چنی،
بوو بە چەپك
خەون بوو
پێڕانەگەیشتم ،
لە جەستەی تۆی وەربێنم.

(8)

/ مۆسیقای/ پێنجشەموان/
/ چ/ دەگەیەنێ؟/
/ بەردی/ کەپکان/
/ بە/ چی/ سیمایان/ دەگۆڕن؟/
/ هاوار/
/ بە/ قوڵپی/ گریانەوە/ جوانە/ یا/ بە/ کپی؟/

له دنیای فانی ئێمەدا ،
چەند هاتن، چەند چوون
تامی عەشقیان نەکرد..

چەند فرمێسك ،
لەڕێی مەیخانەدا ڕژان ..
چەند بەژنی تاریك ،
بە باڵای نووردا بڕان..

تۆ وەرە گەورەم!
بڕوانە شاری عاشقان
بە بێی تۆ
چەند چۆڵ و وێرانە.

(9)

/ جۆللانە/ فێری/
/ زمانی/ لێکدابڕاوی/ کردین ../
/ پاسەوانی/ ئاگر/ نووستووە../
/ کاغەز/ دەبارێ/
/ ئاسمان/ سپی / دەچێتەوە./

مەترسە!
ئەوە خاڵی لاوازی منە
کە نەتوانم بێ ئاودەنگ بم..

ئەوە خاڵی لاوازی منە
نەتوانم هیوابڕاوان لە ئامێز نەگرم .

ئەوە خاڵی لاوازی منە، بێ بەینەت!
بێ ماسك و ڕووبەندان بژیم .

مەترسە!
خەڵوەت و تەناهی ،
خاڵی لاوازی منن ..

(10)

/ سێنی/ بە/ هەر/ لایەکدا/ دەسووڕێنی/
/ هەمان/ دەنگ/ هەمان/ ڕەنگ/ هەمان/
/ زیندەخەو/ هەمان/ سەرگەردانی/

دوورگەی گەمارۆدراو
تینووی هەواڵێکە.
ڕێبوارێك لەو ناوە نابینرێ ..
باڵندەیەك لە ئاسماندا دیار نییە ..
ئەو ساتانە تا هەتایێ نامێننەوە ،
تا هەتایێ بێدەنگی، دەنگ ناداتەوە.

(11)

/ پاكیزەكان/

/ لەبەر/ ئاستانەی/

/ پەرستگاكانی/ سۆمەردا/

/ جێیان/ نابێتەوە./

/ پاکیزەکان/ قوربانیی/ شارستانییەت و/
/ سەنگدڵی/ کاهینە/ لایەنگیرەکان/ بوون../
/ کە/ بە/ بەر/ چاوی/ کەون و/ کائینات/ بە/
/ ناوی/ پیرۆزگرییەوە/ چرایان/ دەکوژاندنەوە./

لە شاری ڕەهایەتیدا ،
شاری پاسەوانی دانەوێڵە
دەخوازێ نوێژی کازیوە دابەستین و
هەموومان
لە سرووتێکی
خاڵی لە شوێن، لەکات ،
وەك کەسێ کێشمانەی خۆی بدا
باوەشمان بۆ پڕشنگ والا بێ ..

(12)

/ شتێکمان/ ون/ کردووە/ نازانین/ چییە/
/ شتێکمان/ دۆزیومەتەوە/ نازانین/ چییە!/

**/ بەفر/ کە/ لە/ ئەزەلەوە/ سپییە/**
**/ فریشتەی/ هەڵلووشیون./**

تەنگدڵی،
سەرەتای شانۆییەکە نەبوو.

تەنگدڵی، نەخشێك بوو ،
بە پەنجەی خوێناوی
بەسەر جۆگەو ڕووبار و دەریاکان کێشرابوو.

دونیا سارده..
ئاسۆ لە گیانەڵادایە..
سەرەتا تەنگدڵی نەبوو
شەو و ڕۆژ خۆیان
لەکوێدا حەشار داوە؟

(13)

/ ئەم/ ڕێیە/ چار/ نییە/ دەبێ/ بگاتە/ جێ./
/ وەرە/ مەڕۆ/ وەرە/ دامەزرێین/ بە/ سۆزێکی/
/ پیرۆزەوە/ نهێنییەکان/ بخۆینەوە/ وەرە/
/ بچینەوە/ باوەشی/ خۆمان./

سەرسامیم ون کردووە
لەکوێی دەدۆزمەوە؟

سەرسامی ون بکرێ
لەکوێ دەدۆزرێتەوە؟

ئاوێنەیە
ئاوێنەیە.
ئاوێنەیە سەرسامی.

(14)

/ خەونەکانمان/ چییان/ لێ/ هات؟/
/ پێم/ دەڵێی/ با/ بردنی ../
/ ئای/ لەوە! / ئای/ لە/ شاری/ پەردەپۆش و/
/ بەژاومژاو!!/

ئەو مرواریيەی
لە دالآنی ڕێکەوتدا،
شەوق ئەداتەوە
ئەو مرواریيە نییە
لەکانی ڕۆشناییدا
ورشە دەدا.

(15)

/ ماسکەکانم/ پێ/ لانەدرا/
/ ناتوانم/ بۆت/ بگێڕمەوە،/
/ هەر/ ناشگێڕدرێتەوە../

/ هەڵدانی/ پێکیش/ ئەتەکێتی/ خۆی/ هەیە../
/ دڵم/ دەڵێ/ ئەم/ بەرمبەیانە/ بنەوشەییە/ مژدەی/
/ ژێردارگەڕانیی/ ڕووبارێکی/ شێتی/ پێوەیە../

زۆرجار تاسان،
بەرگی ئاڵوواڵا دەپۆشێ.

زۆر جاران گیان،
بە نەغمەی نیگامەستان سەرخۆش...

ئەو كوڕژنەی پێش كاروان خۆڕایی نییە.
خۆڕایی نییە ئەو كوڕژنە.
ئەو كوڕژنە هەرگیز خۆڕایی نییە.

(16)

/ چاندنی/ دانەوێڵەمان/
/ بۆ/ نیشتیمانێکی تر/هەڵگرتووە./
/ کێڵانی/ زەوییەکانمان/
/ بۆ/ ساڵێکی/ بێ/ پایز و/
/ بەهار و/ زستان و/ هاوین/ هەڵگرتووە./
/ داخۆ/ ئەڤینمان/ بۆ/ کەی/ هەڵگرتووە؟/

ئەو بە پەیمانەیەك،
بە زەمەندی خەیاڵ..
کێوی قافی هەیە.
تۆ بە دەریای مەی
بەچیای چراخان، هیچ..

(17)

/ شەقامەکان/ چۆڵ/ نین/
/ وشکەڕوانین/ چۆڵی/کردوون/
/ وشکەڕوانین/
/ ناهێڵێ/ مۆسیقا/ وێنەی/ بکێشرێ/
/ کێ/ باوەڕ/ دەکا/
/ مانگ/ سیمای/ کچی/ دارستانی/
/ لە/ دەرفەتێکی/ گوماناویدا/دزی/ بێ؟/

شەو ڕەشدانەگەڕاوە
ئێمەین وەنەوزی لاڵەزار نابینین.
ئێمەین دێین باخچەی بەهەشت
لەبەر پێیاندا دەچێنین.

خودایە!
بە گەورەیی خۆت
فەرمان بدە:
زایەڵەی خاکەڕایی و
گڕگرتووی عاشقان
لە دنیای نیهانی ون بوومان
شەوق بداتەوە..

(18)

/ جیهانبینیمان/ شووشەشەیەکی/ شکاوە/
/ بە/ خورپەی/ باڕێزەوە/ دەشنێ/

***/ کەژاوەی/ ڕەنگداپچکوڕاوان/ لەبەر/ تاوی/***
***/ بارانی/ کوێر/ بارانی/ کەڕ/ بارانی/ لاڵ.../***

دەرگا دامەخە!
با پەنجەرەکان کراوەبن
گرفت نییە،
من لەگەڵ خۆمدا
لە خەڵوەتدام.

(19)

/ نیوەڕۆیە/ خەمبارەکان/ تووڕ/ دەدەم/
/ منداڵیی/ دهێڵمەوە/ وەك/ ئاو/
/ بۆنی/ شەو/ بۆنی/ گوڵە/ مل/ لارەکانی/
/ ئەم/ دیو/ و/ ئەو/ دیوم/ دەکەم./
/ ئەوەی/ دەیزانم/ لە/ نیگەرانیی و/ دڵتەنگی/
/ چیایان و/ بەرهەنگی/ ڕووبار و/ ڕەنگزەردی/
/ درەختان و/ ڕەشانگی/ بەفر و/ پرسەی/
/ کوێستان/ لەگەڵ/ خۆمدا/ دەبەم../

باران بە باڵای شووشەییەوە
لە دەرگام دەدا..

با لە سیلەی پەرژینەوە،
سەرەتاتکێم لەگەڵدا دەکا.

وەرە تۆ خۆت، لە باتی من دابنێ
ئەوە زوڵم نییە
باران،
بە گۆنای گەش و
چاوی ئەفسووناوییەوە
لە تەنیایی و غەریبی منی دەکا؟

(20)

/ كە/ قووڵایی/ بزر/ دەكەین/
/ ژیانمان/
/ لێ/ دوور/ دەكەوێتەوە/

/ بەختیاریی/ بە/ جۆگەی/ بریناندا/ دێ/ .../
/ بەختیاریی/ بە/ شەقامی/ خەمدا/ دێ../
/ بە/ گێژەنی/ شەپۆلان/ بەو/ هەستەی/
/ دوای/ سەمایەکی/ شێتانە/ لە/ کێشانی/
/ جگەرەیەك/ دایە./

تاراوگە دوای تاراوگە
زستانگەلێکمان بڕی،
ساڵەهامان وەرسووڕاندەوە،
بەهار هەر نەهات.

تاراوگە بۆ تاراوگەی ناردین
لەڕێی وەهمەکانی خوددا
بەرگی کۆیلەتیمان پۆشی.

شەومان
بە ئەلەندی نەرمی
سپێدە دادا
حەقیقەت هەڵنەهات .

گیاگەلی بەهاران دەرکەوتن
ڕاستی دەرنەکەوت.

(21)

/ بیرەوەرییەکانمان/
/ لە/ ئەشکەوت و/ دڕاڵەی/ شاخ/
/ بەجێهێشت./
/ لە ئارەزووی/ ژیان/ گەڕێ/
/ کە/ لە/ گوڵێك/ دەچێ/
/ بۆنی/ خاك/ دەدا./

/ لە/ ئارەزووی/ ژیان/ گەڕێ/
/ کە/بەیداخی/ شەکاوەمانی/
/ بە/ جەنگە/ بێهوودەکان/
/ نەوی/ کرد../

هەمبوو، نەمبوو
دڵێکیماندوو
ئەویشم بەمیحرابی تۆ سپارد.

هەستێکم هەبوو،
لە پرتەوی نیوەشەو ،
لە پیاوێکی ساویلکە دەچوو،
ژنان، زۆرجار
لە کۆبوونەوە تەفرەدارەکانیان
ئامێزی بۆ دەکەنەوە ..
ئەویشم لە تەنیشت ئەو نیگارانە هەڵواسی
مندالآن دەیکێشن.

لەبیرتە؟
لەبیرتە باسی ئەو ڕێیانەم بۆ دەکردی
بە گۆرانی گیرابوون ..؟
باسی ئەو ئاوازانەی ،
لە مێژووی
بزووتنەوەی ئازادیخوازی ڕۆحەوە دەرهێنرابوون:
ئەوەی لە دوا خوانی برایاندا نەگوترابوون؟

شوباتی2014

## هەوڵە چاپکراوەکانی



### 1) لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا

- ڕۆژنامەگەریی کوردی وڕۆژنامەنووسیکورد1984،بەناوی خوازراوی (پاکزادمحمدکریم)،چاپکردن وبلاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانیکوردستان(لەشاخ) چاپی دووەم بەناوی سەریح، هەولێر چاپخانەی زانکۆیسەلاحەددین1991.
- پرۆژەیەك بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەبەکوردی ـ لێکۆڵینەوە۔ گۆڤاری (ڕۆشنبیریئوێ) بەغدا،پایزی1986.
- هەڵەیچاپ،ئەمڕۆ و ئاسۆی دواڕۆژ. لێکۆڵینەوە ـ بەدووبەش، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا1988
- وێنەوکاریکاتێر وتایپۆگرافیا و بەکارهێنانیان لەڕۆژنامەگەرییکوردیدا.لێکۆڵینەوە۔ بەسێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە 85و86و87)ی1990.
- برایەتی: یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەمێژووی رۆژنامەگەرییکوردیدا. لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا ـ چاپییەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) کەلەهەندەراندەردەچوو، چاپی دووەم چاپخانەی خەبات1991. چاپیسێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر 1997.
- ئاژانسیدەنگوباسیکوردستان(ئاداکADAK) پرۆژەی دامەزراندن وبەڕێوەبردن. لێکۆڵینەوە ـ ڕۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە1993، چاپییەکەم بەکتێب هەولێر1993، چاپیدووەم بەکتێب چاپخانەی خەبات دهۆك1997،چاپیسێیەم هەولێر2005.
- درەختی بنکۆڵ کراو: پەنجەنماییێکی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ باری ڕووناکبیری وکلتووریکوردی ـ چاپی یەکەم کوردستان1995، چاپیدووەم سوید1996،چاپیسێیەم ـ هەولێر2006.
- ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا، وتار لە بارەی ڕۆژنامەنووسییەوە،چاپی یەکەم هەولێر۔ کوردستان2005.
- ڕۆژنامەگەرییکوردی ـ چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیك وهونەرەکانی، چاپییەکەم هەولێر1999،چاپیدووەم2006.
- شار لە هەڵبوون وکوژانەوەیدا ـ وتاری ڕۆژنامەنووسیی چاپییەکەم2005.

### 2) شیعر

- ئەوشەوانەی خەوم نایێ: چاپخانەی (النعمان)نەجەف ـ1977

- تاڤگەی مەند. چاپخانەی (شفیق) بەغدا ـ 1987.
- چەندکۆتەڵێکیجەنازەیی: چاپی ئیتاڵیا1994،چاپیکوردستان 1995.
- هەندێ لەوشوێن پێ یانەی بەسەرشەختەدامابوونەوە،چاپییەکەم کوردستان2005.
- تاڤگەی مەندوئەوانیتر ـ کۆیشیعرەکان پێکەوە،چاپییەکەم کوردستان2005.
- بەو ڕێیانەدا تێپەریم لەو کانییانەم خواردەوە،چاپییەکەم2010.
- ئەوەی لە دواخوانی برایاندا لە نەگوترابوو، چاپی یەکەم 2015.

### 3) لەبواری وەرگێڕاندا

- نووستوی بەرباران: شیعرلەفارسییەوە،چاپخانەی (عەلا) بەغدا 1980،چاپیدووەم بەزیادکراوییەوە۔ هەولێر۔ کوردستان 2005..
- ڕێگاوبان،پێنج چیرۆکی درێژ و شانۆنامەیەك لەنیکۆلای خایتۆفەوە.چاپییەکەم چاپخانەی (الحوادث) بەغدا 1983،چاپیدووەم هەولێر۔ دەزگای موکریانی 2005.
- سەرەتایێك بۆتێگەیشتنی هونەری شێوەکاری. چاپییەکەم چاپخانەی(حسام) بەغدا1986.
- چاپیدووەم ـ هەولێر۔ دەزگای موکریانی2005.چاپیسێیەم ـ هەولێر 2015.
- چەندنامەیەك بۆ تارانتابابۆ: نازم حیکمەت، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە.چاپییەکەم ـ چاپخانەی (الزمان)بەغدا 1990،چاپیدووەم ـ سوید ـ کتێبخانەی ئەرزان. چاپی سێیەم کوردستان 2005.
- دایکیکورد ـ دانیێل میتران وەرگێڕان لەعەرەبییەوە،چاپییەکەم 1996، چاپیدووەم 2011.
- شوانی بۆشایی ـ شیعر،چاپی یەکەم ـ کوردستان 2010.

### 4) پیشانگاکانی کۆلاژ۔ ناوەرۆکی 5 پیشانگا

- پایزی چاوەکان،کۆلاژ لەتاراوگەی شیعردا چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەولێر1998
- چاوەکان هەمیشە چاوەکان، کلاَوڕۆژنەیەك لەشەختەدا،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری 1999
- دیسان چاوەکان۔ چاپخانەی وەزارەتیڕۆشنبیری 2005.
- شرفە۔ بەزمانی عەرەبی،چاپییەکەم چاپخانەی خەبات دهۆك 1998.،چاپی دووەم بەکوردی بەناوی (گەمەشاراوەکانی با)،بەوەرگێڕانی نەجات حەمید ئەحمەد وپێداچوونەوەی نووسەر 2008.
- ساوی شتان لەفۆتۆگراف دا،چاپییەکەم 2008 .
- بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراوو نووسینی دیکە لەکات وشوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی.

# Nazhad Aziz Surme

## *What was not Said in the Last Supper of Brothers*

## *Contemporary Kurdish Poems*

*First edition*
*Kurdistan - 2015*